| | |
|---|---|
| | |

فێرکردنی زیاتری پێشنیارکراو :

نمونەی زیاتر

پاشکۆی ١ : نمونەی کۆیلە دەستپاکەکان و کۆیلە ناپاکەکان

پاشکۆی ٢ : نمونەی کیسە زێڕەکان ( دواکەوتنی گەورەی ماڵ) / دەستپاکەکان

پاشکۆی ٣ : نمونەی دارهەنجیری گەڵا سەوز وە نمونەی کۆیلە بێدارو شەوارەگرەکان (کۆیلە دەستپاکەکان).

پاشکۆی ٤ : نمونەی خزمەت لە کتێبی پیرۆزدا .

## وانەی (٣٧)

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**ڕابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریکردن (٢٠ خولەك) ئیشایا |

**به نۆرە بەشداری بکەن** و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (ئیشایا ٤٨، ٤٩ ، ٥٢ ، ٥٣)
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەرکردن (٥خولەك) ئامادەگی خودا : عیبرانیەکان ١٣: ٥ـ ٦ |

زنجیرەی دوازدەهەم لە ئایەتەکانی لەبەرکردن تایبەتە بە "شتەکانی خودا" وە ناونیشانی پێنج ئایەتەکەی لەبەرکردن ئەمانەن : ئامادەگی خودا ، وشەکانی خودا ، دانایی خودا ، چاکردنەوەی خودایی .
بە شێوەی گروپی دوانەیی ( دوو باوەڕدار پێکەوە ) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن ، ئامادەگی خودا : عیبرانیەکان ١٣: ٥ـ ٦ .

| | |
|---|---|
| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك) سەرکاری ناپاك |

"نمونەی سەرکاری ناپاك " لە لۆقا ١٦: ١ـ ١٣ تایبەتە بە **بریکاریی لە شانشینی خودا**

" نمونەکە" چیرۆکێکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی سەرزەوی دەکات بە واتایەکی ئاسمانی . چیرۆکێکە دەکرێ بگێڕدرێتەوە لەژیانی ڕاستەقینەدا و ئامانج لێی فێرکردنی ڕۆحیە . عیسای مەسیح ئەو بابەتانەی باو و بڵاو بوون هەروەها ڕوداویی ڕۆژانەی بەکار دەهێنا لە پێناوی ڕاگەیاندنی

نهێنیەکانی شانشینی خودا و ڕوناکیەکەی ، وە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی خەڵکی لەبارەی بارودۆخی ڕاستەقینەیان و پێویستییان بە نوێبوونەوە .

لێکۆڵینەوە بۆ ئەم نمونەیە دەکەین خاڵ بەخاڵ بە بەکارهێنانی شەش ڕێبەری ڕێنماییەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی نمونەکان ( بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٩ ، پاشکۆی ١).

لۆقا ١٦: ١- ١٣ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆ: ئەو بنەما سەرەکیانە کامانەن ، کە نمونەکە لە خۆی گرتوە ؟

تێبینیەکان .

پیاوە دەوڵەمەندەکە .

پێ دەچێ ئەم کابرایە خاوەن سەرمایەو موڵکو ماڵاتی زۆر بووبێت ، دەبێت وای دابنێین کە پیاوێکی پاك بوە چونکە چیرۆکەکە ئاماژە بە بریکاریی و سەرکاری دەکات نەك خودی ئەو پیاوە ، ئەی کێ ناپاك و بێ ئابڕوو بوو .

سەرکاریی یان بریکاریی .

ئەم پیاوە کاروباری خێزانێکی بەڕێوە دەبرد ، یان بریکار وسەرکار بوو بە بایەخدان بە کاروباری دارایی خێزانێک وە کاری تایبەت و موڵکو سەروەت و سامان وپڕۆژەکانیان . تۆمەتبار کرا بەوەی سامانی گەورەکەی تەخشان وپەخشان دەکات و بەفیڕۆی دەدات ، چیرۆکەکە باسی ئەوەمان بۆ ناکات کێ تۆمەتەکەی خستۆتەپاڵی یان سکاڵاکەی لێکردوە یاخود چۆن سامانی گەورەکەی بەفیڕۆداوە . پێدەچی تاوانبار بووبێت

بەپێی ئەوەی هیچ ناڕەزاییەکی نەبووو لە بەرامبەر بڕیاری گەورەکەی ، وە دەنگی بەرز نەکردەوە بۆ بەرگریکردن لە بێتاوانیەکەی .

قەرزارەکان .

ڕەنگە ئەوانە کەسانێك بووبن پارچەیەك زەویان بە کرێ گرتبێت لە مواڵکی گەورەکەیان ، ئیدی کرێی تێچووی زەوی بەکارهێنان نرخەکەی جێگیر بوو لە داهات ودەستکەوتی ساڵانە ، یان ڕەنگە ئەمانە پارەیان قەرز کردبێت لەو دەوڵەمەندە بۆ کڕینی کاڵا وشتومەك ، ئیدی هەر یەک لەمانە بە بڕێك پارە قەرزار بوون بە گەورەکەیان کە خاوەنی موڵک وسامانی زۆروزەوند بوو .

هەق وحسابی سەرکار .

گەورەکە داوی کرد لە سەرکارەکە حیساب وتۆمارەکەی بخاتە بەردەست ئەوەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاری گەورەکەی دەردەخات . سەرکارەکە تۆمەتبار نەبوو بەوەی دەستبڵاوەو سامانی بەفیڕۆ داوە بەڵام بە نیمچە دڵنیاییەوە تۆمەتبار بوو بەوەی خراپ مامەڵەی دەکرد لەبەڕێوەبردن دا . ڕەنگە هەندێ لە سامان وموڵکی گەورەکەی لەدەست دابێت بەو هۆیەوە ، یان ڕەنگە کەمتەرخەم بووبێت و خراپ مامەڵەی کردبێت لە کاروباری بازرگانی و بایەخدان بە پارەی گەورەکەی . ئیدی گەورەکەی ویستی کۆتایی بە کارەکانی بهێنێت و هەروەها دەرفەتێکیشی بداتێ تاکو تۆمارەکانی ڕێکوپێك بکات و پێشکەشی بکات پێش ئەوەی دەستبەرداری کارەکەی بێت .

ئەوەی سەرکارەکە کردی .

سەرکارەکە دوای ئەوەی دەرکرا لەکارەکەی بە بێدەنگی مایەوە ، ئەمەش دادەنرێ بە دانپیانان بە تاوانەکەیدا . سەرەتا شڵەژابوو سەبارەت بەوەی کردبووی ، هێندە بەهێز نەبوو لە ڕووی جەستەییەوە شتێك بکات کە بەس بێت بێت بۆ دەربازبوونی ، ئیدی هەستی بە شەرمەزاری دەکرد پشت بە کەسانی تر ببەستێت و چاوەڕوانی چاکەی کەسانی تر بکات ، بەڵام

بیرۆکەیەکی لەلا گەڵاڵەبوو یارمەتی دا پلانێك دابنێت لەو بارەیەوە ، ئیدی بڕیاری دا چاکە بکات لەگەڵ قەرزارەکاندا ، تاوەکو ئەوانیش لە داهاتودا چاکەی لەگەڵ بکەنەوە ، ئیدی بەم شێوەیە بۆ هەر یەک لە قەرزارەکان بڕێك لە قەرزەکەی لەسەر کەم کردنەوە کە قەرزاری گەورەکەی بوون تاوەکو هاوکاری بکەن لە ڕووی ماددیەوە لە ئایندەدا .

گۆڕینی بڕی قەرزەکان لە پسولەو تۆماردا .

پسولە یان شیک ، جۆرێك بوو لە دانی پیانانی قەرز بە شێوەی نوسراو کە قەرزار ئیمزای دەکرد ، وەکو کۆمپیالەی بانک یان شیکی بانک یاخود گرێبەستی قەرزی بانک وا بوو لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ،چونکە ئەو کەسەی کە قەرزی دەکرد دەبوو بڕەکەی لەسەر ئەو پارچەیە بنوسێت بۆ خاوەن قەرزەکە ئیدی پەیوەیست بوونی خۆی ڕادەگەیاند بە گەڕانەوەی قەرزەکە ، پێ دەچێ قەرزارەکان نەیانزانیبێت ئەو کارە دروست وپاك نیە کەر سەرکارەکە دەیکات بەهۆی بارودۆخی کەشوهەوای ناجێگیر هەندێك جار ، کە دەشێ کاریگەری بخاتە سەر بەروبومی کشتوکاڵ ، ئەمەش شتێکی ئاسایی نەبوو کە خاوەن قەرز یان خاوەن بەروبومی فەوتاو یان پارەی فەوتاو بڕی قەرزەکان لەسەر خەڵکی کەم بکاتەوە ، لەسەروو ئەمەشەوە ڕەنگە قەرزارەکان پێیان وابوبێت سەرکارەکە ڕێنماییەکانی گەورەکەی جێبەجێ دەکات .

ستایشکردنی سەرکارەکە ناپاکەکە لەلایەن گەورەکەیەوە .

گەورەکە ستایشی سەرکارە ناپاکەکەی کرد چونکە بە دانایی هەڵسوکەوتی کرد ، وشەی گەورە ئاماژە دەکات بە خاوەن پارەی فەوتاو لە ئایەتەکانی ٣ و ٥ دا ، وە ئاماژە ناکات بۆ عیسای مەسیح چونکە عیسای مەسیح چیرۆکەکە باس دەکات وتێیدا دەڵێت کە خاوەن پارەی فەوتاو گەورەی سەرکارەکەیە ئیدی ستایشی سەرکارە ناپاکەکەی کرد لەبەر ئەوە نا کە ناپاك بوو بەڵکو لەبەر ئەوەی بە دانایی هەڵسوکەوتی کرد بە بەرچاوڕوونیەوە ! ئەوە بوو پلانی دانا بۆ ئایندەی خۆی ، ئەمەش دانایی و ژیری زۆری تێدا بوو لە شێوازی بەڕێوەبردندا ! چونکە خاوەن

مولّکەکە نەیدەتوانی شیک و گرێبەستەکان وەکو خۆی لێبکاتەوە ، چونکە لەو کاتەدا هەموان پێیان وابوو خاوەن قەرزەکە بەڕێزەو چاکەکارە لەگەڵ قەرزارەکاندا ، ئیدی خاوەن مولّک نەیوست ئەم وێنەیە بگۆڕێت لەبارەی خۆیەوە .

## ٢ . چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

**پێشەکی** : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

**تێبینیەکان** .

### أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە بەشەکانی ١٥ و ١٦ ی ئینجیلی لۆقا .

لە لۆقا ١٥ ، عیسای مەسیح سێ نمونەی باس کرد ، ئەوانیش نمونەی مەڕی ونبوو ، درهەمی ونبوو ، کوڕی ونبوو ، کە تیایدا فێرکردنی پێشکەش دەکرد لەبارەی هەڵوێستی خودا بەرامبەر بە گومڕاو لەناوچوانی جیهان . ئەمەش بەرپەرچدانەوەی هەڵوێستی نەرێنی فەریسیەکان و نوسەران و مامۆستایانی شەریعەت بوو بەرامبەر بە باجگران وگوناهباران ، لەم نمونانەدا عیسا ئەو هەڵوێستانەی شەرمەزارو ڕیسوا دەکرد کە بەرامبەر داماو بەدبەختەکان لەخۆیان گرتبوو فەریسیەکان !

وە لە لۆقا ١٦ دا عیسای مەسیح باسی دوو نمونەی کرد . وە لە نمونەی سەرکاری ناپاکدا عیسای مەسیح ئەوەی ڕیسوا کرد کە بەکاریان دەهێنا

بەرامبەر بە گوناهبار و تاوانباران لە مۆڵکی ماددیدا . وە بەپێی لۆقا ١٦ ، ئەم نمونەیە ئاراستە کراوە بۆ بازنەی گەورەی قوتابیەکانی مەسیح لەگەڵ ئەوەشدا بەدڵنیاییەوە فەریسیەکان گوێبیستی بوونە ، مەبەست لەوەش کاریگەری بوە لەسەر هەڵوێستەکانی ئەوانیش هەروەها (لۆقا ١٦: ١٤) .

بەشی ١٦ لە ئینجیلی لۆقا لە سێ بەش پێکهاتوە کە گرێدراون پێکەوە:

ئایەتی ١- ١٤ ئەوە ئاشکرا دەکات کە بەکارهێنانی خراپ و تاوانی مۆڵکی ماددیە .

ئایەتی ١٤- ١٨ دووڕووی پارە خۆشەویستەکان ئاشکرا دەکات.

ئایەتی ١٩- ٣١ فێرمان دەکات لەبارەی دەرئەنجامی مامەڵەی خراپ و تاوانکاری لەگەڵ خەڵکی و دەوڵەمەند ، وە دواتر هەموو بابەتەکان کۆدەبنەوە لە بەشەکانی ١٥ و١٦ لە ئینجیلی لۆقادا .

**ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٦: ١- ٨ .**

**ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٦: ٨- ١٣ .**

شرۆڤەی دوو گوزارشەکە " ڕۆڵەکانی ئەم جیهانە " و " ڕۆڵەکانی ڕوناکی " لۆقا ١٦: ٨ .

ئەم دوو دەستەواژەیە گوزارش دەکەن لە کەسێك یان شتێك کە پێناسەی وشەی یەکەمی پێدەکرێ و پەیوەندی بە شتێك یان کەسی دوەمەوە هەیە . ئیدی ڕەنگە ئەم پەیوەندیە پەیوەندی ئەندامێتی یان مۆڵکداری یان پەیوەندی هاوشێوە بوون بێت وەکو ڕۆڵەی ڕوناکی ئەوانەن کە سەر بە ڕوناکی جیهانن و هاوشێوەی ڕوناکی جیهانن کە عیسای مەسیحە . ئەوانە کەسانێك نین سەر بە شەو و تاریکی بن ، چونکە گوناهە بەڕێوەیان نابات و ئەوان ڕوناکی دانایی و پیرۆزی و خۆشی هەموو جۆرە ڕوناکیەکی تریان لە خۆگرتوە لۆقا ١٦: ٨ ؛ ١سالۆنیکی ٥: ٥ . ئەوان پێچەوانەی ڕۆڵەکانی

ئەم جیهانەن ئەوانەی سەر بەجیهانن لۆقا ١٦: ٨ ئیدی بەم شێوەیە عیسا دەڵێت زۆرجار بێباوەڕان هەڵسوکەوتێك دەکەن بە بەرچاوڕوونی و ژیرانە بۆ ئایندەیان (بۆ ژیانی سەرزەویان ) کە زۆرباشتروژیرانەترە لە هەڵسوکەوتی باوەڕداران .

شرۆڤەی گوزارشی "سەرکاری ناپاك " لۆقا ١٦: ٨ .

ئەم گوزارشە ئاماژەیە بۆ سەرکارێکی ناپاك و ناڕێك . لەڕاستیدا عیسا ئەم سەرکارەی بە " بەڕێوەبەری کارەکان" ناوزەد کرد لە چیرۆکی ناپاکەکەدا وە جەختی نەکردەوە لەسەر ئەوەی ستایشی سەرکارە ناپاکەکە بکات کە سامان وپارەی جیهانی بە ناپاکی بەکارهێناوە یان مامەڵەی خراپ وناپاکی لەگەڵ کردوە وەک چۆن ئایەتەکانی ١٠- ١٢ دەیسەلمێنێ کە عیسا ستایشی ناپاکیەکەی نەکردوە .

شرۆڤەی گوزارشی " پارەو سامانی ستەم " یان " پارەو سامانی تاوان " لۆقا ١٦: ٩ .

لەم گوزارشەدا دەبینین سامان ودەوڵەمەندی جیهانی دەستنیشان دەکات ، واتە موڵک وپارە ، عیسا ناڵێت سامان وموڵك تاوانە خۆی لە خۆیدا بەڵکو مەبەستی ئەو ئەوە بوو کە کۆکردنەوەی سامان وبەکارهێنانی موڵک وپارە زۆرێك لە تاوان وگەندەڵی بەدوای خۆیدا دەهێنێ !سالۆنیکی ٦: ٩- ١٠ کتێبی پیرۆز لە هیچ بەش و ئایەتێکدا فێرکردن ناکات بەوەی سامان و ماددە و موڵک خۆی لە خۆیدا خراپەو تاوانە ، بۆیە ئەم گوزارشە وەردەگێڕدرێت بۆ دەوڵەمەندی جیهانی یان سامانی جیهان بۆ دەرخستنی سامان وموڵک وماددەی زەمەنێکی کاتیی لەبەرامبەر دەوڵەمەندی و سامانی ڕاستەقینەی ئاسمانی لۆقا ١٦: ١١ .

شرۆڤەی پێشوازی لێکردنتان "شێوازی سادەی هاوبەشی گریمانە " لە ماڵی تاهەتایی لۆقا ١٦: ٩ .

ئەم دەستەواژەیە ئاماژە دەکات بۆ ئەوانەی سامانیان بۆ چاکەکاری بەکار دەهێنن لەسەر زەوی و ئیدی پێشوازیان لێدەکرێ لە ئایندەدا لە ئاسمان

بڕوانە ٢كۆرنسۆس ٥: ١ . ئەم ئایەتە بەرامبەر بە ئایەتی ٤ كاتێ باس لەوانە دەكات كە سودمەند بوون لە سەركارەكە ناپاكەكە ، ئەوان پێشوازی لە سەركارەكە دەكەن لە ماڵەكانی سەر زەویان كاتێ بێكار بوو یان پێویستی بەوان بوو .

ئەم دەستەواژەو بەشە فێركردن ناكات و ئاماژەش ناكات بەوەی جەستەی هەندێ لە خەڵكی هەڵدەستێتەوەو بەرز دەكرێتەوە بۆ ئاسمان لەپێش ئەوانی تردا "ئەوەش كە پێی دەوترێ ڕفاندن " ئەوەی دەیڵێ ئەوەیە كە هەندێك سودمەند دەبن لە سامان و مووڵكی ماددی سەرزەوی ئیدی دان دەنێن بەم كارە چاكەدا لەبەردەم خودا لە ئاسمان وە لەهەمان چوارچێوەدا لەعازەر پێشوازی نەكرد لە دەوڵەمەندەكە بەهەمان شێوە ، چونكە دەوڵەمەندەكە هیچ چاكەیەكی لەگەڵ نەكرد بە پارەو سامانەكەی لە ژیانی هەژاری لەعازەردا لەسەر زەوی لۆقا ١٦: ٢٣- ٢٥ .

جێبەجێكردن : داناو ژیر بن وەك ئەو خەڵكەی جیهان .

عیسا لە لۆقا ١٦: ٨ دەڵێت " ئەو مرۆڤانەی ئەم جیهانەیان هەڵبژاردوە لێزان ترن بۆ ژیانی سەرزەویان لە ڕۆڵەكانی ڕووناكی " . گەورەكە ئافەرین و دەستخۆشی لە بەڕێوەبەری كارەكەی كرد كە ناپاكیش بوو بەڵام لەبەرئەوەی بەدانایی كاری كرد ، عیسا هاوڕابوو لەگەڵ ئافەرینی گەورەكە بۆ سەركارەكە بەڵام نەك بۆ ناپاكیەكەی ، بەڵكو بۆ دانایی و ژیریەكەی بۆ پلانی ئایندە . عیسا ئافەرین و دەستخۆشی ناكات لە سەركارە ناپاك ولادەرەكە بەڵام ئافەرین و دەستخۆشی لە ژیری و داناییەكەی دەكات لە پێناوی پێویستیەكانی ئایندەی ، وە بەهەمان شێواز عیسا بە قوتابیەكانی نادێت ناڕاست و ناپاك بن بەڵكو پێیان دەڵێت داناو ژیر بن وپلان دابنێن بۆ ئایندە .

جێبەجێكردن : سامان و دەوڵەمەندی بەكار بهێنن بۆ بەدەستهێنانی هاوڕێ.

عیسا لە لۆقا ١٦: ٩ دەڵێت " بە سامانی ئەم دنیایە دۆستی خۆتان دروستبكەن، تاكو ئەگەر نەما، خودا لە ماڵی تاهەتایی پێشوازیتان لێ بكات ." بەڵام لەبەرامبەردا دەبێت باوەڕداران سامان و مووڵكیان بەكار

بهێنن بۆ بەدەستهێنانی دۆست و هاوڕێ تا ئەو کاتەی لەسەر زەوین بۆ پێشکەوتنی شانشینی خودا ، ب ۆئەوەی کاتێ مردن هەموو ئەوانەی سودمەند بوونە لە بەخشینە دڵفراوانیەکەیان پێشوازیان لێبکەن لە ئاسمان ، هەروەها بڕوانە پەندەکان ١٩: ٤ وە ژیرمەندی ١١: ١ ؛ مەتا ٦: ١٩- ٢١ ؛ ١تیمۆساوس ٦: ١٧- ١٩ .

جێبەجێکردن : سەرڕاست ودەستپاك وجێی متمانە بن لە کەم بێت یان زۆر.

لۆقا ١٦: ١٠- ١٢ عیسا پێداگر یدەکات لەسەر دەستپاکی و سەرڕاستی و متمانە لە کەمدا واتە لە موڵکی زەوی وپارە . هەروەها بڕوانە مەتا ٢٥: ٣٤ ؛ عیبرانیەکان ١٢: ٢٨ ؛ یۆحەنا ٣: ٣- ٨ ؛ ٢کۆرنسۆس ٤: ١٨ ؛ ٥: ٧ .

جێبەجێکردن : ناتوانن لەیەک کاتدا خزمەت خوداو پارە بکەن .

لە لۆقا ١٦: ١٣ عیسا پێداگری دەکات لەسەر باوەڕدار کە ناتوانێ بەندەو خزمەتکاری خوداو جیهان بێت لەیەك کاتدا ، هەروەها بڕوانە ١تیمۆساوس ٦: ٥ .

## ٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

**پێشەکی** : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

**تێبینیەکان** .

لەبەرئەوەی عیسا شرۆڤەو ڕوونکردنەوەی نەکردوە بە وردەکاریەوە ، نابێت هیچ بنەماو وردەکاریەك لەم نمونەیەدا واتایەکی دیاریکراوی بۆ پێ بدرێت.

مرۆڤە دەوڵەمەندەکە .

ئەم بنەمایە زۆر گرنگە دەبێت وە نابێت مرۆڤە دەوڵەمەندەکە ڕاڤە بکرێت وەك هاوشێوەی عیسای مەسیح لە پارە یان هەر شتێکی تر .

سەرکار / بەڕێوەبەری کار.

ئەم بنەمایەش گرنگە چونکە وێنەیەکە بۆ گرنگترین کەسایەتی نێو ئەم نمونەیە . بەڵام وێنەیەك نیە بۆ باوەڕداری مەسیحی ، چونکە باوەڕدار نابێت ناپاك بێت ، وە سەرکاری ناپاك بەراورد ناکرێت بە باوەڕدار وەکو ئاماژەیەك بەوەی چۆن کاردەکات و دەبێت چۆن هەڵسوکەوت بکات.

ئافەرین وستایش ودەستخۆشی کردن لەسەرکارە ناپاکەکە چونکە بە ژیری ودانایی هەڵسوکەوتی کرد.

ئەم بنەمایەش گرنگە ، گرنگ سەرکارەکەو هەڵسوکەوتی ناپاکی نیە بەڵکو داناییەکەی و بەرچاوڕوونیەکەی کە بەکاری هێنا .

قەرزارەکان و قەرزەکانیان .

ئەم بنەمایە لە نمونەکەدا گرنگ نیە . چونکە قەرزارەکان وبڕی قەرزەکانیان هیچ واتایەکی دیاریکراوی نیە تەنها کورت دەکرێتەوە لەوەی ئەم بنەمایە تەنها نمونەکە دەڕازێنێتەوەو بەهێزتری دەکات.

## ٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

**پێشەکی** : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

**تێبینیەکان** .

| |
|---|
| نمونەی سەرکاری ناپاك وفێڵباز لە لۆقا ١٦ : ١ - ١٣ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی "بریکاریی لە شانشینی خودا " . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : دەبێت باوەڕداران دانابن لە چۆنیەتی بەکارهێنانی موڵکو سامانیان لەسەر زەوی بۆ بەدەستهێنانی دۆست و هاوڕێ لە تاهەتایيدا . واتە باوەڕدار ژیر بێت ودانا بێت وبەرچاو ڕوون بێت بەشێوەیەك توانای جیاکاری هەبێت و دانایی کردەیی هەبێت . |

بریکاریی نیشانەو بنەمایەکی سەرەکیە لە شانشینی خودا .

## ٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوەو فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگاداربە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

**ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە** : بەشەکانی تر چی ڕاستیەك فێر دەکات کە ئەم نمونەیە پێشکەشی دەکات ؟

مەتا ٦ : ١٩ - ٢٤ .

نمونەی سەرکاری ناپاك فێردەکات کە باوەڕدار دەبێت ژیر بێت وە بەرچاوڕوون بێت و توانای جیاکاری شتەکانی هەبێت و دانایی کردەیی هەبێت لە بەکارهێنانی سامان ومووڵک وماڵی وە عیسا فێرمان دەکات لە مەتا ٦: ١٩- ٢٤ لەبارەی بەرپرسیارێتی هاوشێوەی ئەم نمونەیە وە دەبێت باوەڕدار جەخت بکاتەوە لەسەر ڕاستی ڕۆحی بە بەردەوامی هەرچەندە ئەو ڕاستیە ڕۆحیە نەبینراوە بەڵام تاهەتاییە . ٢کۆرنسۆس ٤: ١٨ ؛ ٥: ٧ . دەبێت باوەڕدار سامانی لە ئسامان کۆبکاتەوە نەك زەوی .

لۆقا ١٢: ١٣- ٢١ .

ئەم نمونەیەی دەوڵەمەندە گێلەکە فێرمان دەکات کە باوەڕدار دەبێت خۆویست نەبێت لە وەی هەیەتی لە موڵک وسامان ، بەڵکو دەبێت پشت بە خودا ببەستێت و پەنای بۆ ببات لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا .

لۆقا ١٦: ١٩- ٣١ .

ئەم نمونەیەی دەوڵەمەندە لوتبەرزەکەو لەعازەر فێرمان دەکات کە باوەڕدار دەبێت بەرپرسیاری لەئەستۆ بگرێت تایبەت بە مامەڵەکردنی لەگەڵ خەڵکی بەدبەخت و داماو ، وە چۆنیەتی بەکارهێنانی سامان وموڵکی ، وە دەرئەنجام هەست بە بەرپرسیارێتی بکات لە کەمتەرخەمی ولاوازیەکانی تایبەت بە ژیانی سەرزەوی پێش مردنی .

مەتا ٢٥: ١٤- ٣٠ .

ئەم نمونەیەی کیسە زێڕەکان ( دواکەوتنی گەورەی ماڵ) فێرمان دەکات کە باوەڕدار دەبێت دەستپاك بێت و بە پاکی موڵک وسامانی
وپەیوەندیەکانی وتواناکانی بەکار بهێنێ یان ئەو دەرفەتەی لەبەردەمیدایە و خودا پێی بەخشیوە بە باشی ودروستی بەکاری بهێنێ ئەگەر چی کەم بێت یان زۆر .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .

دەبێت خەڵکی خودا بناسن کە کێیەو سروشتی چۆنە .

خودا مولکی خۆی داناوە لەسەر زەوی لەلای خەڵکی تاوەکو دەست پاك بن تیایدا و بەباشی بەڕێوەی بەرن پەیدابوون ١: ٢٨ .

دەبێت باوەڕدارانی ڕاستەقینە بزانن چۆن بن وچی بن .

خودا فەرمانی نەکردوە کە خەڵکی ژیانێک بژین تەنها دوور بن لە خۆویستی و بەس بەڵکو هەروەها فەرمانی کردوە دەست پاکیش بن وجێی متمانە بن لە بواری تایبەت بەو شتانەی پێیان دراوە لە مولکو سامانی سەر زەوی لەم ژیانەی ئێستادا !

| | |
|---|---|
| ٥ | **نوێژ** ( ٨ خولەك ) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت** |

**بە نۆرە نوێژ بکەن** ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .